# خوای گەورە فەرمووی: ئەگەر بەندەکەم (هێندەی) بستێک لە من نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) باڵێک لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) دوو باڵ لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) دوو باڵ لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من بە خێرایی بەرەو لای دێم

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە فەرمووی: «ئەگەر بەندەکەم (هێندەی) بستێک لە من نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) باڵێک لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) دوو باڵ لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) دوو باڵ لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من بە خێرایی بەرەو لای دێم».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

ئەگەر بەندە هێندەی بستێک لە پەروەردگار نزیک بێتەوە؛ ئەوا خوای گەورە هێندەی باڵێک لەو بەندەیە نزیک دەبێتەوە، وئەگەر بەندە زیاتر لەوەی پێشوو لە خودا نزیک بێتەوە؛ ئەوا خوای گەورە زیاتر لەمەی دواتریش لە بەندە نزیک دەبێتەوە، وئەگەر بەندە بێت بۆ لای پەروەردگاری ئەوا خوای گەورە بە خێراتر بۆ لای ئەو دێت، ونزیک بوون وهاتن دوو سیفەتی خوای گەورە وجێگیرکراون لە بەڵگەکانی قورئان وسونەتدا؛ باوەڕمان پێیان هەیە بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەرەکان وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8293

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee